ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**تاقیکردنەوەی خۆڕایی بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەرەکەت.**

نووسەر: @:

ئەم وانەیە بریتیە لە تاقیکاریەك بۆ کۆمپیوتەرەکەت، بۆ ئەوەی کە بۆت دەرکەوێ ئایا کۆمپیوتەرەکەت تا چەندێ ئامادەباشی هەیە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشە سنوور بەدەرەکانی سەر ئینتەرنێت، Hacking.
ئەم تاقیکاریە بە خۆڕایی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەکرێت و هەر کاتێك ویستت دەتوانی جێبەجێی بکەیت.ئەم تاقیکاریەش لە لایەن کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی Symantec بە بەرهەم هاتووە.
هەنگاوی یەکەم: کرتەیەك بکە سەر ئەم بەستەرە
http://security.symantec.com/sscv6/default.asp?langid=ie&venid=sym
یان ئێرە:
http://www.symantec.com/securitycheck
پاش ئەوەی کە کرتەت کردە سەر ئەو بەستەرە، لە پەنجەرەکەدا دووخاڵی سەرەکیت بۆ دێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە،




1: ئەگەر کرتە بکەینە سەر دوگمەی Start ئەوا تاقیکاری بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەرەکەمان دەست پێدەکات.
2: ئەگەر کرتە بکەینە سەر ئەمەیان، ئەوا گەڕان بە دوای ڤیروسدا دەست پێدەکات.
لێرە ئێمە کرتە دەکەینە سەر یەکەم 1،Start، چونکە ئەم وانەیە تایبەتە بەبواری ئەمنیەت.
پاش چەند چرکەیەك پەنجەرەیەکی دیالۆگی دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی فایلێك یان پرۆگرامێك داگریت، لێرەدا Yes کرتە دە کەین بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین:



پاش ئەو دوو هەنگاوەی سەرەوە، دەبینین کە تاقیکاریەکە دەست پێدەکات و چاوەڕوان بە تا تەواو دەبێت.




3: لە نێوان ئەو لاکێشە سووردا ژمارەی ئایپی کۆمپیوتەرەکەت دەردەکەوێت IP Number.




هەنگاوی کۆتایی وەك ئەوەی سەرەوە دەبێت ئەگەر شتێك جیاوازی نەبێت.
4: لە تەنیشت ژمارە 4 دا وەك لە هێماکەیدا ڕوونە مانای وایە بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەرەکەت لە مەترسیدایە.
5: لە نێوان باش و خراپ دایە.
6: زۆر باشەو هیچ مەترسیەکی نییە.
7: ئەو خاڵانەت بۆ دەردەخات کە تاقیکردونەتەوە.
8: ئەگەر بتەوێ زانیاری زیاتی بزانی دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Show Details لە بەرانبەر هەر خاڵێکەوە.
لە سەرەوەی وێنەکەدا دەبینین کە نووسراوە:
Security Status: Safe! You Are Protected Against Most Common Security Threats.
ئەوەش وادەگەیەنێ کە بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەرەکە سەرکەوتووەو کۆمپیوتەرەکەت پارێزراوە بەرانبەر بەو هێرشە ئاساییانەوە کە دەکرێتە سەری.
ئەو خاڵە ئاکامی تاقیکردنەوەکەیە.
کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت